# هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (( فوئاد حەمەئەمین ئاغا )) لە هۆڵەندا کۆچبار بوو

سەرلەبەیانیی کاژێری 3,30 رۆژی هەینی , 19.03.2004 , دڵی گەورەی هونەرمەندی شانۆکاری کورد , مامۆستا ( فوئاد حەمەئەمین ئاغا ) لە ئاوارەیی و لە تەمەنی 71 ساڵیدا , دوای نەخۆشییەکی سەخت لە شاری ( دۆردرێختی هۆڵەندە ) لەلێدان کەوت. ئەم هونەرمەندە مەزن و پیاوچاکەی نەتەوەکەمان ماوەی پێنج ساڵێکە وەك پەنابەری سیاسی لە هۆڵەندا ژیانی بەسەر بردووە. شایانی باسە کە مامۆستای کۆچکردوو هەمووو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو , بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشت و ستاییشێك بێت. هەروەها شایانی ئاماژە پێکردنە کەمامۆستا فوئادی نەمر باوکی هونەرمەندی هەڵکەوتوو خاتوو ( شادان ) و هاورێ و خەزووری هونەرمەندی ناسراو و بەتوانا کاك ( شەماڵ عەبەڕەش ) ە.

بێگومان مامۆستا فوئاد نموونەی مرۆڤێکی نەتەوەیی کورد و کەسایەتییەکی دڵپاك و دەستپاك و بەوەفا و راستگۆ بووە و خاوەنی چەندین هەڵوێستی مەردانە و دڵسۆزانەیە. لەبواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هونەرمەندێکی رووخۆش و قسەخۆش و رەفتارسادە و خۆشەویستی ناو جەماوەر بووە. هەروەها لە بواری فێرکاری و پەروەردەشدا مامۆستایەکی سەرکەوتوو و ماندوونەناس بووە. مامۆستای شانۆکار , لە جیهانی شانۆشدا شارەزا و ئەزموونـدار و توانایەکی زۆری نواندنی هەبووە. لێرەدا زۆر بەکورتی ئاماژە بە هەندێك لەو شاکارە هونەرییانە دەکەین کە مامۆستا فوئادی نەمر رۆڵی سەرەکی و چالاکانەی تێیاندا بینیوە کە لەزۆربەیان لەگەڵ ( کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی ) دا بۆ سەر شانۆ و تەلەفیزیۆن چالاکانە و سەرکەوتووانە بەشداریی تێدا کردوون , وەکوو شانۆگەرییەکانی (جەنابی موفەتیش , پیسکەی تەڕپیر , کێچ , پژمین , چاوی ڤێتنام , گوڵاڵە , نامەیەك لە خنکاوەوە ). هەروەها دوا بەرهەمیش کە مامۆستای نەمر تێیدا بەشدار بووە , فلیمی ( خولەپیزە ) بووە.

بڕیارە کە بە زووترین کات تەرمی پیرۆزی ئەم هونەرمەندە مەزنەی نەتەوەکەمان بگەڕێنرێتەوە بۆ کوردستان و بۆ دواجار لە شارە کەی هونەرمەند و هونەرمەندان , سلێمانی , خاکی نیشتمان لە ئامێزی بگرێتەوە.

لەکاتێکدا پرسە و خەم و پەژارەی خۆمان دەردەبڕین بۆ بنەماڵە و هاوڕێیان و هونەرمەندان و هونەری کوردی , لە یەزدانی بەخشندە و میهرەبان داواکارین کە گیانی پاکی ( مامۆستا فوئادی نەمر ) بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

- رۆژانی شەممە و یەکشەممە 20\ 21 . 03 . 2004 لە شاری Dordrecht لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی Sternburg لە Wijk 8 , لە کاژێری 13 – تا 16,30 پرسە و ماتەمینی بۆ دادەنرێت.

## کۆمەڵێك لە هونەرمەندان و رەوەندی کورد لە هۆڵەندا

19.03.2004